# رادیۆی دەنگ

## یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ

## راپرسیی لەناو رۆژنامەنوسانی گەرمیان لەبارەی بەدەستهێنانی زانیاریی لە دەزگا فەرمیەکانی سنورەکە

شوباتی 2019

**یەکەم: ناساندنی چالاکی**

یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ لە رادیۆی دەنگ، یەکەیەکی تایبەتی رادیۆکەیە کە گرنگیی بە پرسی مافەکانی مرۆڤ دەدات و لەساڵی (2015)ەوە بەپاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوە.

لەیەکێك لە چالاکیەکانی دا بۆ ئەم وەرزە، راپرسیەکی لەنێو (15) رۆژنامەنوسی سنوری گەرمیان ئەنجامداوە کە کاری پەیامنێریی دەکەن، بەمەبەستی زانینی ئاستی پێدانی زانیاریی و هاوکاریکردنیان لەلایەن دەزگا فەرمیەکانەوە بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارە رۆژنامەوانیەکانیان.

لە راپرسیەکەدا (15) رۆژنامەنوس بەشدار بون و (6) پرسیاریان ئاراستەکرابو. کە وردەکاریی وەڵام و بەشداریەکان لە لاپەڕەکانی داهاتودا رونکراوەتەوە.

**دوەم: ناساندنی رادیۆی دەنگ**

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان. لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن رۆژنامەنوسان (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان) بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە جگە لە پەخشی زەمینی(FM) ، هاوکات خاوەنی چەند پرۆژە و چالاکیەکی ترە، لەوانە: (سایتی رادیۆی دەنگ و رۆژنامەی نەوژین)، لەگەڵ چەند یەکەیەك (یەکەی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ، یەکەی وزە، یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، یەکەی هەڵبژاردن)، هاوکات پێشبڕکێیەکی رۆژنامەوانیش بەناوی (پێشبڕکێی رۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ) لەسەر ئاستی هەرێم ئەنجام دەدات.

**سێیەم: کلێشەی راپرسی**

1. تاچەند لە دامودەزگاکانی سنوری گەرمیان زانیاریی و لێدوانی رۆژنامەنوسیی دەدرێت بە تۆ وەکو رۆژنامەنوسێك؟

☐ زۆر ☐ مام ناوەند ☐ کەم ☐ هیچ

2. تاچەند ئاسانکارییت بۆ دەکرێت ئەگەر بتەوێت بچیتە نێو دەزگا حکومیەکان بۆ وەرگرتنی لێدوان و سلاید و وێنە؟

☐ زۆر ☐ مام ناوەند ☐ کەم ☐ هیچ

3. تاچەند لە پرسەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دا ، لایەنە بەرپرسە حکومیەکان لێدوان و زانیاریی فەرمیی دەدەن؟

☐ زۆر ☐ مام ناوەند ☐ کەم ☐ هیچ

4. لە پرسەکانی گەندەڵیی دا، تاچەند لایەنە حکومیەکان لێدوان و زانیاریی فەرمیی دەدەن؟

☐ زۆر ☐ مام ناوەند ☐ کەم ☐ هیچ

5. چ دامودەزگایەکی حکومیی لەگەرمیان دا لەپێدانی زانیاریی و لێدوان و ئاسانکاریی بۆ رۆژنامەنوسان زۆر باشە؟ بە ریز دەتوانی (3) دەزگا بنوسی

6. چ دامودەزگایەکی حکومیی لەگەرمیان دا لەپێدانی زانیاریی و لێدوان و ئاسانکاریی بۆ رۆژنامەنوسان زۆر خراپە؟ بە ریز دەتوانی (3) دەزگا بنوسی

زانیاریی:

* رەگەز: ☐ نێر ☐ مێ

تەمەن : 20-30 ☐ 31-45 ☐ 46 ☐ بۆ سەرەوە

* جۆری ئەو کەناڵەی کاری تێدادەکەی؟ ☐ رۆژنامە ☐ تەلەفزیۆن ☐ رادیۆ ☐ وێبسایت

* لایەنی ئەو کەناڵەی کاری تیدا دەکەی؟ ☐ ئەهلی ☐ حزبیی ☐ حکومیی ☐ بیانی

## چوارەم: ئەنجامی ڕاپرسی

### پرسیاری یەکەم:

تاچەند لە دامودەزگاکانی سنوری گەرمیان زانیاریی و لێدوانی ڕۆژنامەنوسیی دەدرێت بە تۆ وەکو ڕۆژنامەنوسێك؟




### پرسیاری دوەم:

تاچەند ئاسانکارییت بۆ دەکرێت ئەگەر بتەوێت بچیتە نێو دەزگا حکومیەکان بۆ وەرگرتنی لێدوان و سلاید و وێنە؟



**پرسیاری سێیەم:**

تاچەند لە پرسەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دا ، لایەنە بەرپرسە حکومیەکان لێدوان و زانیاریی فەرمیی دەدەن؟




**پرسیاری چوارەم:**

لە پرسەکانی گەندەڵیی دا، تاچەند لایەنە حکومیەکان لێدوان و زانیاریی فەرمیی دەدەن؟



## پرسیاری پێنجەم:

چ دامودەزگایەکی حکومیی لەگەرمیان دا لەپێدانی زانیاریی و لێدوان و ئاسانکاریی بۆ رۆژنامەنوسان زۆر باشە؟ بە ریز دەتوانی (3) دەزگا بنوسی




## پرسیاری شەشەم:

چ دامودەزگایەکی حکومیی لەگەرمیان دا لەپێدانی زانیاریی و لێدوان و ئاسانکاریی بۆ رۆژنامەنوسان زۆر خراپە؟ بە ریز دەتوانی (3) دەزگا بنوسی



زانیاریی:

* ڕەگەز:




* تەمەن :




* جۆری ئەو کەناڵەی کاری تێدادەکەی؟




* لایەنی ئەو کەناڵەی کاری تیدا دەکەی؟



## پێنجەم: شیتەڵی ڕاپرسی

1. بەکۆی گشتی بەشدارانی ڕاپرسیەکە، ئاستی پێدانی زانیاریی بە ڕۆژنامەنوسان لەناوەندە فەرمیەکان بە (مامناوەند) ناودەبەن، هەروەك بەهەمان ئاست ڕازیین لە هاوکارییکردنی ئەو دەزگایانە بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەوانیان.

2. لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، زۆرینەی ڕەهای بەشداران ڕایان وایە هاوکاریکردنی دەزگا فەرمیەکان (کەم و نەبوە).

3. بەهەمانشێوە لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە گەندەڵیەوە، زۆرینەی بەشداران ڕایانوایە کە ئاستی پێدانی زانیاریی پێیان لەلایەن دەزگا فەرمیەکانەوە، (کەم و هیچە).

4. لە دیاریکردنی باشترین و خراپترین دەزگاکانی سنوری گەرمیان دا، ئێمە بژاردەمان "أختیار" نەداوە، بەڵکو بەشداران خۆیان لەلای خۆیانەوە ئەو دەزگایانەیان دیارییکردوە و دواتر ئێمە ڕاکانمان کۆکردونەتەوە و لەسەر ئەو بنەمایە پۆلینمان کردون. وەك دەردەکەوێت دەزگا ئەمنیەکان چ وەك باشترین و چ وەك خراپترین دەزگا بۆ پێدانی زانیاریی، سەروی ڕیزبەندیەکەیان گرتوە، بەشێوەیەك (هاتوچۆ) بە باشترین دەزگا بۆ پێدانی زانیاریی و (ئاسایش) بە خراپترین دەزگا بۆ پێدانی زانیاریی دەستنیشان کراون.

5. لەدیاریکردنی باشترین دەزگاکانی سنورەکە بۆ پێدانی زانیاریی بە ڕۆژنامەنوسان، (15) وەڵام دراوەتەوە و (12) لەو وەڵامانە یەکی (3) دەزگایان دیارییکردوە و (1) دانەیان (2) وەڵامی دیارییکردوە و (2) دانەیان (1) وەڵامیان دیاریکردوە.

6. لەدیاریکردنی خراپترین دەزگاکانی سنورەکە بۆ پێدانی زانیاریی بە ڕۆژنامەنوسان، (12) وەڵام دراوەتەوە و (6) لەو وەڵامانە یەکی (3) دەزگایان دیارییکردوە و (3) دانەیان (2) وەڵامی دیارییکردوە و (2) دانەیان (1) وەڵامیان دیاریکردوە و (1) دانەیان بە (نازانم) وەڵامی داوەتەوە.

7. بەشدارانی ڕاپرسیەکە لە هەردو بواری (تەلەفزیۆن) و (وێبسایت) کاردەکەن و زۆرینەیان تەمەنیان لەنێوان (26 بۆ 45) ساڵی دایە. هەروەك ڕەگەزی بەشداران بەرێژەی 80% نێرن و هەروەها بەشێوەیەکی بەرامبەر لە دەزگا حزبی و ئەهلیەکاندا کاردەکەن لەگەڵ (1) ڕۆژنامەنوس کە لە دەزگای بیانی کاردەکات.

**شەشەم: ڕاسپاردە**

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاپرسیەدا، پێشنیازی ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ ئیدارەی گەرمیان و سەرجەم بەڕێوبەرایەتیە گشتی و فەرمانگەکانی سنورەکە دەکەین:

1. بەپشت بەستن بە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم لە بواری ڕۆژنامەوانی و مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، پێویستە ئاسانکاریی تەواو بکرێت بۆ ڕۆژنامەنوسان لە بەدواداچونکردن بۆ بابەتە ڕۆژنامەوانیەکانیان و دەبێت دەزگاکان ئەوە بزانن ئەمە مافە و بە یاسا دیاریی کراوە بۆ ڕۆژنامەنوسان.

2. نەهێشتنی ڕۆتین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان، بەتایبەتی کاری ڕۆژنامەوانی ڕیتمی خێرایە و پێویستی بەوە هەیە بە زویی وەڵام و زانیاریی و لێدوانەکان بەدەست بخات.

3. ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئاگادارکردنەوەی دامودەزگاکان بەوەی هاوکاریەکی باشتری ڕۆژنامەنوسان بکەن لەکاتی سەردانیان و جێبەجێکردنی کارەکانیان دا.

4. دەزگاکانیش بۆ خوارەوەی خۆیان بە نوسراو و بەپشت بەستن بە سروشتی کارەکەیان، ئەرك و مافی فەرمانبەرەکانیان (بەتایبەت بەڕێوبەر و لێپرسراوەکان) لەبەرامبەر ڕاگەیاندنەکان دیاریی بکەن.

5. کردنەوەی خول و ڕاهێنانی پێویست بۆ فەرمانبەران و بەتایبەت بەڕێوبەری دەزگاکان، لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان.

6. کردنەوەی خول و ڕاهێنانی پێویست بۆ بەرپرسانی بەش و هۆبەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان لە دەزگا فەرمیەکان، بەمەبەستی بە پیشەییکردن و بەهێزکردنی زیاتری کارەکانیان.

**بۆ پەیوەندی:**

ناونیشان: ڕادیۆی دەنگ، کەلار، فەرمانبەران، بەرامبەر قوتابخانەی (کوردۆ قاسم).

تەلەفۆن: 07701923662 - 07701627361

وێبسایت: Radiodang.org

ئیمەیڵ: radiodeng@yahoo.com